# ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانییدا
# (لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە)

م.ی. شاد حمید محمد
بەشی جوگرافیا/ زانكۆی ڕاپەڕین

تەنها هۆكاری ڕاپەڕاندنی كاروباری ڕۆژانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ئۆتۆمبێلە چونكە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت تاكە هۆكاری گواستنەوەی ناوخۆی پارێزگاكەیە، لەگەڵ ئەم هەموو گرنگیەی بۆ پارێزگاكە بەڵام ڕۆژانە دەبنە هۆی گیان لەدەستدان و برینداربوونی هاووڵاتیان، ڕاستە ڕووداوەكانی هاتووچۆ بەتەنها لەم پارێزگایەدا ڕوونادات بەڵكو هەموو جیهانی گرتۆتەوە بەجۆرێك لەكاتی ئێستادا ساڵانە ملوێنێك و دووسەد هەزار كەس دەمردن و زیاتر لە چل ملوێن كەسیش بریندار دەبن. زۆرینەی ئەم ڕووداوانەش لە ووڵاتە دواكەوتووەكاندا ڕوودەدەن بەجۆرێك ووڵاتە پێشكەوتووەكان تەنها (١٥٪)ی دانیشتوانی جیهان پێكدەهێنن و زیاتر (٦٠٪)ی كۆی ئۆتۆمبێلەكانی جیهانیان هەیە، كەچی ڕێژەی ڕووداوەكانی هاتووچۆ (١٤٪)، لەكاتێكدا ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی (٢٪)ی ئۆتۆمبێلەكانی جیهانن كەچی (٦٪)ی ڕووداوەكانی هاتووچۆ لەخۆدەگرن(١).بۆ ئەم مەبەستەش لەجیهاندا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراوە بۆ كەمكردنەوەی ئەم ڕووداوانە بەتایبەت لەم كاتەدا كە ئێمە لە دەیەی سەلامەتی هاتووچۆداین، هەموو جیهان لەهەوڵی جۆراوجۆردان بۆ خستنە ڕووی هۆكاری ڕووداوەكان پاشان لەڕێگەی زانینی هۆكارەكانەوە پلان دائەنێن بۆ كەمكردنەوەی ئەم ڕووداوانە، پارێزگای سلێمانیش وەك بەشێك لە ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین ژمارەیەكی زۆر ڕووداوی هاتووچۆی تیادا ڕوودەدات بەمەش ساڵانە مردنی زۆری لێدەكەوێتەوە، بەرپرسان و شارەزایانی هاتووچۆ و هاوڵاتیان ئاماژە بەهۆكاری جۆراوجۆر دەكەن بۆ ئەم ڕووداوانە لە پارێزگاكەدا یەكێك لە هۆكاراكان كە ئاماژەی پێدەكەن تیژڕەوییە، جگە لە پارێزگای سلێمانیش توێژینەوە جیهانییەكان زۆریان بەوە گەیشتوون یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ مرۆڤەكان خۆیانن، بەهۆكاری سەرەكی و گرنگ دادەنرێنن كە توێژینەوەكان ئەوەیان سەلماندووە (٦٦٪)ی ڕووداوەكان بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ مرۆڤ بەرپرسیاری یەكەمە، (١٨٪)ی ڕووداوەكان بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بەرپرسە لێی واتە (٩٤٪)ڕووداوەكان مرۆڤ بەرپرسن لێیان(٢). هەر بۆیە پارێزگای سلێمانیش لەگەڵ ئەوەی لە لێكۆڵینە لەم دۆخە تاڕادەیەك سستە بەڵام چەند هەوڵێكی داوە بۆ كەمكردنەوەی ئەم ڕووداوانە، یەكێك لەو هەوڵانانەی دراوە دانانی كامێراكانی چاودێرییە بۆ كەمكردنەوەی خێرای شۆفێران ئەم كامێرایانە بەیەكێك لە هۆكارە گرنگەكان دادەنرێن، خێرای شۆفێران كەم بكاتەوە بەواتایەكی تر شۆفێران پابەند بكات بەخێرای یاسای و ڕێگەپێدراوەوە، ئێمەش لێرەدا بە باشی دەزانین پاش بەكارهێنانی ئەم كامێرایانە لە پارێزگای سلێمانییدا ڕوونیبكەینەوە ئەم كامێرایانە تاچڕادەیەك ڕووداوەكانی هاتووچۆی كەمكردۆتەوە، بەبەراورد بە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران و دانیشتوانی ناوچەكە.

---

(١)سالار تحسین دری، ژینگەی ترافیك، چ ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، بەبێ ساڵی چاپ، ل٥.

(٢)هاشم محمد نور مەدەنی، ڕووداوەكانی هاتووچۆ، و: هەڵكەوت عبدالله، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥.

## چوارچێوەی كاتی توێژینەوەكە :

توێژینەوەكە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١٣)ی لەخۆدەگرێت واتە ماوەی توێژینەوەكە (١٠)ساڵە، ئەم ماوەیەشمان كردووە بە دوو قۆناغ قۆناغ ئەوانیش قۆناغی یەكەم نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١١) ئەم ساڵانە كامێرای چاودێری نەبووە لە پارێزگاكەدا، قۆناغی دووەم نێوان ساڵانی (٢٠١٢–٢٠١٣) ئەم ساڵانە كامێرای چاودێری بەكارهێنراوە، وەرگرتنی ئەم دوو قۆناغە جیاوازە لە ڕووی ماوەوە ئەمەش بۆ ئەوەیە بەشێوەیەكی وورد تێبینی بكەین پێش و پاش بەكارهێنانی كامێراكانی چاودێری بارودۆخی ڕووداوەكان چۆن بووە، قۆناغەكانی پێش بەكارهێنانیش پێكهاتووە لە هەشت ساڵ ئەمەش بۆ ئەوەیە پشت بە مێژوویەكی دوور ببەستین تەنها لەسەر بارودۆخی ساڵێك وردنەبینەوە چونكە هەتاوەكو ساڵەكان زۆرتربن لە ڕاستی بارودۆخی ناوچەكە زیاتر دەتوانین تێبگەین، بەراوردی ئەم دوو ماوەیە دەكەین بۆ ئەوەی بزانین كامێراكانی چاودێری خزمەتی بەناوچەكە گەیاندووە.

## چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەكە :

شوێنی توێژینەوەكەمان پارێزگای سلێمانیە، كە یەكێكە لەپارێزگا گرنگەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق.

## هۆكارە پاڵنەرەكان بۆ ئە نجامدانی توێژینەوەكە:

ڕووداوەكان و قوربانیانی هاتووچۆ لە پارێزگاكەدا بووەتە دیاردەیەكی ڕۆژانەو ترسێكی گەورەی خستۆتە سەر ژیانی هاوڵاتیان لەگەڵ ئەوەشدا نە دامودەزگاكان و نە هاووڵاتیان بەرپرسیارێتی ئەم ڕووداوانە ناگرنە ئەستۆی خۆیان هەمووان بەرامبەرەكانیان بەبەرپرس دەزانن ئەمەش بەهۆی نەبونی یان كەمی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕووداوەكانی هاتوچۆ و دیاركردنی لایەنی بەرپرس لە ڕووداوەكان ئەمە و جگە لە كەمی بە دواداچوون و كەمتەرخەمی میدیاكان تاكوو لایەنی بەرپرسی لێ ئاگادار بكرێتەوە و هاوڵاتیانیش هۆشیار بكرێنەوە بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتی خۆیان بزانن سەبارەت بەم دۆخە سامناكە هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەگەر كارێكی زۆر سەرەتای و بچووكیش بێت لە خزمەتی ئەم بوارەدا ئەنجامی بدەم.

## كێشەی توێژینەوەكە :

دیاریكردنی كێشەی توێژینەوە یەكێكە لە هەنگاوە سەرەكییەكانی توێژینەوەی جوگراف كە بەهۆیەوە توێژەر دەگات بەدەرئەنجامی وورد بۆ بابەتی توێژینەوەكە، دانانی چارەسەری پێشبینكراو بۆ ئەم كێشانە. دەتوانین كێشەی توێژینەوەكە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١–ئایا ئەو هۆكارانە چین كە كاردەكەنە یان دەبنەهۆی ڕوودانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا؟

٢–ئایا كامێراكانی چاودێری خێرای ئۆتۆمبێل هۆكارن بۆ كەمكردنەوەی ڕووداوەكانی هاتووچۆ؟

## گریمانەی توێژینەوەكە :

بریتییە لە چارەسەركردنی سەرەتای پێشبینیكراو بۆ كێشەكانی توێژینەوەكە، كە توێژەر دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەستیهێناوە لەسەر بابەتی توێژینەوەكە بیخاتە ڕوو. گریمانەكانیش بریتین:

١–ڕووداوەكانی هاتووچۆ چەندین هۆكار كاریان تێدەكات لەگرنگترینیان تیژڕەوی و ڕێگاكانی ئۆتۆمبێلە.

٢–كامێراكانی چاودێری دەبنە هۆی كەمكردنەوەی ڕووداوەكانی هاتووچۆ چونكە نوێترین تەكنەلۆژیایە كە لە جیهاندا بۆ ئەم مەبەستە بەكاردەهێنرێن.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە :

١–نەبوونی داتای پێوست لەسەر ئەم ڕووداو مردنی و بریندارانە ئەوانەشی هەن هەمووی زانیاری زۆر سەرەتایین نەچوونەتە ناوەڕۆکی بارودۆخەکانەوە، تەنها ئاماژە بە ژمارەی ڕووداوەکان دەکەن بەبێ ئەوەی هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکانیان ڕوونبکەنەوە ، ئەمە جگە لەبوونی دوودڵیەکی زۆر لای ڕێکخراو هاوڵاتیان کە ئەم زانیاریانە گۆڕانکارییان تیادا دەکرێت بە مەبەستی دەستێوەردانی حکومی و حزبی و بەرژەوەندی بەڕێوبەرایەتییەکان. وەك لە پاشکۆی ژمارە (١)دا دەبینرێت.

٢–نەزانینی هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانە لە پارێزگاکەدا، ئەو داتایانەی هەیە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان تیژڕەوی ڕووداوەکانی پێبزانین. ئەویش بەهۆی بوونی کامێراکانی چاودێری چ کاریگەرییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکان.

## پەیکەری توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا باس لە چەند بابەتێك دەکەین ، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرە. تەوەرەی یەکەم چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە ئەمەش دابەشدەبێت بۆ دوو باس، باسی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و باس دووەم دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە. تەوەرەی دووەم بریتییە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەویش دەبێتە چوار باس، باسی یەکەم تیژەڕەوی شۆفێران و باسی دووەم ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و باسی سێیەم زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و باسی چوارەم مۆڵەتی شۆفێرییە، تەوەرەی سێیەم بریتتیە لە کاریگەری کامێراکانی چاودێرییە لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە کراوە بە سێ باس باسی یەکەم بەراوردی سەرپێچیەکانی کامێرای چاودێری دەکەین لە ساڵانی پێش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری باسی دووەم بەراوردی سەرپێچیەکانی کامێرای چاودێری دەکەین لە ساڵانی پاش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری و باسی سێیەم بەراورد دەکەین لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا. لە کۆتایدا دەگەین بەچەند ئەنجامێك و ئاماژە بەچەند پێشنیارێکیش دەدەین.

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ بخەینەڕوو، لەڕێگای دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئاماژەدان بەهەندێك زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەوە، لەڕێگای بەکارهێنانی چەندین ئامارو شیکردنەوەی زانستیانەوە.

## باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عێراق وە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان، سنووری هاوبەش پێکدەهێنێت لەگەڵ وولاتی ئێران لەخۆرهەڵاتەوە بە درێژی (٣٧٨)کم وە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمشدا سنووری پێکدەهێنێت لەگەڵ پارێزگای هەولێر لە باکوور و خۆرئاواوە بە درێژی (١٦١)کم و پارێزگای کەرکوك لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوایەتی بە درێژی (١٦١)کم و قەزای خانەقین لە باشوور بە درێژی (٣٦)کم[٣] ئەمەش هۆکارێکی

(٣)شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١،ل ١٥.

یاریدەدەرە بۆ دروستبوونی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکردن. لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤,٥٨° –٣٦,٣١°)باکوور و لە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٤,٣٢° –٤٦,٢٠°)ڕۆژهەلات. واتە دەکەوێتە باشووری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باکوورەوە. (نەخشەکانی ١ و ٢).

وەك دەبینین پارێزگای سلێمانی سنوورێکی فراوانی هەیە لەگەڵ وولاتی ئێراندا و ڕۆژانەش شمەکێکی زۆر ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە نێوان ئەم وولاتە و هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕێگای خاڵە سنووریەکانی پارێزگاکەوە، ئەمەش لەڕووی ئابوورییەوە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ ناوچەکە بەڵام ئەم بایەخە بێزیان نییە کە ڕۆژانە بە دەیەها ڕووداو ڕوودەدات لەسەر ئەم ڕێگایانە، ئەم کارەساتانە زیانی مادیی و گیانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وێنەی ژمارە (١) ڕێگای سنوری نێودەوڵەتی باشماخە کە ئۆتۆمبێل بارهەڵگرەکان لە چاوەڕوانی ڕۆشتنیادان بۆ وولاتی ئێران.

وێنەی ژمارە (١)





ڕێگای مەرزی نێودەولتی باشماخ

سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای نێودەوڵەتی باشماخ.

هەواڵنامەی کتێب

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی پارێزگای سلێمانی بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١،ل ٤.

**نەخشەی ژمارە (٢)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی و یەکەکارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی**




هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

## باسی دووەم: دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە:

بیروبۆچوونەکان لە دیاریکردنی زاراوەکاندا جیاوازن تەنانەت لە زانستێکدا چەندین بیرووبۆچوونی جیاواز هەیە بۆ دیاردەیەك، بۆیە دەستنیشانکردنو دیاریکردنی ئەم زاراوانە لە ڕێگەی خستنەڕووی بیرو بۆچوونی پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەکانەوە پێویستی بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، بەمەبەستی گەیشتن بە ماناو پێناسەی ئەو زاراوانە بەو شێوەیەی لەخزمەت لێکۆڵینەوەکە دابێت. چونکە هەریەك لە مانای کامێراکانی چاودێری و ڕووداو و قوربانیان تێکهەڵچوونو کاریگەریان لەسەر یەك هەیە، جگە لەوەی کاریگەریان لەسەر دیاردە و هۆکارەکانی تریش هەیە، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆو سەرەکیان هەیە لەسەریان، کەواتە دیاریکردنی ئەم زاراوانە کارێکی بنەڕەتیو پێویستیو تەواوکارییە بۆ بەشەکانی تری لێکۆڵینەوەکە.

**یەکەم: کامێرای چاودێری:**

بریتییە لە کامێرایەکی ئەلکترۆنی کە لە شانی ڕێگاکان دادەنرێن یان دانانی ڕێگاکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر هەندێك ئۆتۆمبێلی هاتووچۆ جێگیر دەکرێن یان لە ڕێگەی کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆوە بەکاردەهێنرێن کاری ئەم کامێرانە گرتنی وێنەی ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە سەرپێچی یاساکانی هاتووچۆ دەکەن لەڕووی بەزاندنی تیژڕەوی مۆڵەت پێدراوی سەر شەقامەکان[٤]. ئەمەش دوو جۆرە:

١-کامێرای چاودێری جێگیر: ئەو جۆرە کامێرانەیە لە شوێنێکی دیاریکراودا جێگیر دەکرێت، ئەم کامێرایانە لە ساڵی ٢٠١٤دا هێنرایە پارێزگای سلێمانی و خرایە گەڕ، بەڵام ناکەوێتە چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکەوە بۆیە ڕوونکردنەوەی پێووستی لەسەر نادەین.

٢-کامێرای چاودێری گەڕۆك: ئەم جۆرە کامێرایانە لەلایەن کارمەندانی هاتووچۆ بەکاردەهێنرێت کە بەپێی پلانی تایبەتی خۆیان شوێنەکەی دەگۆڕن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.ئەم کامێرایە بۆ یەکەم جار لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا بەکارهێنرا لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەو جۆریان ڕوو لە زۆربوونە ئەم جۆرە کامێرایانە زۆر گرنگن چونکە لە تۆمارکردنی سەرپێچی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلەکان زۆر وردن ئەمە و جگە لەوەی بەشەویش بە هەمان کوالیتی ڕۆژ کار دەکەن. لەلایەکیترەوە سەرپێچیکار ناتوانێت نکۆلی بکات لە زیادڕەوییەکەو چونکە هەر وێنەیەکی تۆمارکراو کۆدێکی تایبەت بەخۆی هەیە تەنانەت کارمەندی بەکارهێنەری کامێراکەش ناتوانێت ئەم وێنانە ڕەش بکاتەوە، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەهێنانەدی دادپەروەری لەسزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە سەرپێچیانە[٥].

**دووەم: ڕووداوەکانی هاتووچۆ**

لێکۆڵەرەوان بەشێوەی جۆراوجۆر پێناسەی ڕووداو دەکەن لەوانە (ڕووداو پێشهاتێکە کەبەهۆیەوە زنجیرەیەك بەسەرهات دێتە ئاراوە گەلێك جار پێکان یان مردن یاخود زیانی مادیی موڵك و ماڵی لێدەکەوێتەوە.) هەروەها (ڕووداو خەوشی یان مەسەلەیەکی کتوپڕە لەسەر شەقام یان پیادەڕێ (شۆستە) ڕوودەدات کە تیایدا ئۆتۆمبێل لایەنی یەکەمە و

(٤) http://ar.wikipedia.org/wiki

(٥) مەریوان محمد أمین، کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرای، ٢٠١٣، http://www.sul-traffic.com/Description.aspx

مرۆڤی پێکراو یان موڵك وماڵی زیانپێکەوتوو لایەنی دووەمە)[٦] ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لەزیادبوونن لە پارێزگاکەدا. لایەنی بەرپرس هاوڵاتیان بەهۆکاری سەرەکی دادەنێن و هاوڵاتیانیش هۆکارەکەی دەگەڕێیننەوە بۆ لایەنی بەرپرس بەوەی نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری پێویست بە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و خزمەتگوزاری هاتووچۆ بکەن. ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١)بکەین دەبینین:

١-نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا ساڵانە (٩٦٥.٣)ڕووداوی هاتووچۆ هەیە.

٢- ئەگەر بەراوردی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بکەین لە نێوان ئەو ساڵانەی کە کامێرای چاودێری نەبووە و ئەو ساڵانەی کامێرا هەبووە دەبینین لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١)دا ساڵانە (٩٤٢.٨)ڕووداوی هاتووچۆ هەبووە کە کامێرای چاودێری نەبووە بەڵام نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣) ساڵانە (١٠٥٥)ڕووداوی هاتووچۆ هەیە.واتە (١١٢.٢)ڕووداو ساڵانە زیاترە لەو کاتەی کامێرای چاودێری نەبووە.

٣-کاتێك هەردوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بەراورد بکەین کە کامێرای چاودێری لە هەردوو ساڵەکەدا هەبووە ڕووداوەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا (٣٣٦)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بەساڵی ٢٠١٢.

خشتەی ژمارە (١)

ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا

| ساڵ | ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ |
|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٢٩١ |
| ٢٠٠٥ | ١٣٨٠ |
| ٢٠٠٦ | ٦٦٩ |
| ٢٠٠٧ | ٦٥٠ |
| ٢٠٠٨ | ٧٩٩ |
| ٢٠٠٩ | ٦٩٠ |
| ٢٠١٠ | ٨٥٤ |
| ٢٠١١ | ٢٢١٠ |
| ٢٠١٢ | ١٢٢٣ |
| ٢٠١٣ | ٨٨٧ |
| کۆ | ٩٦٥٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە ڕووداویانکردووە و تۆمارکراون لە هاتووچۆی سلێمانی، بەبێ ژمارەی پەڕە.

٤-بەبەراوردکردنی ڕێژەی گۆڕان لە نێوان هەردوو دیاردەکەدا ڕووداوەکانی هاتووچۆ و سەرپێچی تۆمارکراوی کامێراکانی چاودێری تیژڕەوی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢و ٢٠١٣دادەبینین ڕێژەی (١٤٪)ی سەرپێچی تۆمارکراو زیادیکردوە لە بەرامبەردا (٢٨٪)ی ڕووداوەکان کەمی کردووە.

(٦)هاشم محمد نور مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

هەولێر نامەی کتێب

**سێیەم: قوربانیانی هاتووچۆ**

بێگومان ڕووداوەکانی هاتووچۆ تەنها بە زیانگەیاندنی مادی کۆتای نایەت بەتایبەت ئەگەر ڕووداوەکان بەهۆی تیژڕەوییەکی زۆرەوە بێت بۆیە زۆر کات قوربانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەندێکیان بەبریندابوون یان کەمئەندامبوونی یان گیانلەدەستدانی هاوڵاتییان کۆتای دێت ئەگەر تەماشای خشتەی ژمارە (٢) بکەین، ژمارەی برینداربوون و مردنی ١٠ساڵی تیادا خراوەتە ڕوو، دەبینین:

١-نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣) ساڵانە (٣٦٨٤)بریندار و (٢٦٧.٥)مردنی هەیە بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە.

٢-زۆرترین ڕێژەی بریندار لە ساڵی ٢٠٠٤دایە، هەروەها زۆرترین مردن لە دوو ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥دایە بەهۆی زیادبوونی بڕێکی زۆر لە ژمارەی ئۆتۆمبێل لەم کاتەدا بەهۆی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بووە هۆی باشبوونی گوزەرانی دانیشتووان.

خشتەی ژمارە (٢)

ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا

| ساڵ | زیانی گیانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بریندار | ڕێژەکەی | بریندار | ڕێژەکەی |
| ٢٠٠٤ | ٣٦٨٤ | ١٢.٥ | ٣٧٢ | ١٣.٩ |
| ٢٠٠٥ | ٢٥٥١ | ٨.٦ | ٣٨٩ | ١٤.٥ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٥٨ | ٧.٧ | ٢٤١ | ٩ |
| ٢٠٠٧ | ٢٣٢٧ | ٧.٩ | ٢٣٤ | ٨.٧ |
| ٢٠٠٨ | ٢١٩٩ | ٧.٥ | ٢٠٠ | ٧.٥ |
| ٢٠٠٩ | ٢٩٧١ | ١٠.١ | ٢٥٦ | ٩.٦ |
| ٢٠١٠ | ٣٦٣٢ | ١٢.٣ | ٢٥٨ | ٩.٦ |
| ٢٠١١ | ٣٥٤٧ | ١٢ | ٢٧٨ | ١٠.٤ |
| ٢٠١٢ | ٣٤٧٩ | ١١.٨ | ٢٢٧ | ٨.٥ |
| ٢٠١٣ | ٢٨٣٥ | ٩.٦ | ٢٢٠ | ٨.٣ |
| کۆ | ٢٩٤٨٣ | ١٠٠ | ٢٦٧٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگای سلێمانی ، بەبێ ژمارەی پەڕە.

٣-جارێکی تر لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە زیادکردووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا و نەبوونی یاسایەکی گونجاو یان لێپرسینەوەیەکی سەردەمیانە لە ناوچەکەدا.

٤-ساڵانی ٢٠١٢و ٢٠١٣ دا ژمارەی بریندار و مردن بە ڕوداوەکانی هاتووچۆ کەمی کردووە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمبیلیش هەر لەزیادبووندا بووە ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری لە ناوچەکەدا بووە.

ئەگەر بەراوردی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە ژمارەی گیانلەدەستدانی گشتی پارێزگاکە بکەین دەبینین بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١٢٪)ی ژمارەی گیانلەدەستدانی پارێزگاکە پێکدەهێنن بەڵام ئەم ڕێژەیە جیاوازە بەپێی ساڵەکان ساڵانی پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری ڕێژەی (١٢.٦٪)بووە، ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە بۆ (٩.٤٪)لەو ساڵانەی کە کامێرای چاودێری بەکارهاتووە واتە بە ڕێژەی (٣.٢٪)کەمی کردووە، بەڵام دوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کە کامێرای چاودێری هەبوە دەبینین ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی (١.٧٪)ڕێژەی مردن زیادیکردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢. وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارە و ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە بەراورد بە مردن بە شێوەیەکی گشتی لە پارێزگای سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا

| ساڵ | ژمارەی مردن بە شێوەیەکی گشتی | ژمارەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆ | ڕێژەکەی* |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٢٨١٠ | ٣٧٢ | ١٣.٢ |
| ٢٠٠٥ | ١٩٦٢ | ٣٨٩ | ١٩.٨ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠١٣ | ٢٤١ | ١١.٩ |
| ٢٠٠٧ | ١٧٨٦ | ٢٣٤ | ١٣.١ |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٩٧ | ٢٠٠ | ٩.٥ |
| ٢٠٠٩ | ٢٢٣٩ | ٢٥٦ | ١١.٤ |
| ٢٠١٠ | ٢٤٠٦ | ٢٥٨ | ١٠.٧ |
| ٢٠١١ | ٢٤٦١ | ٢٧٨ | ١١.٢ |
| ٢٠١٢ | ٢٦١٥ | ٢٢٧ | ٨.٦ |
| ٢٠١٣ | ٢١٢٥ | ٢٢٠ | ١٠.٣ |
| کۆ | ٢٢٥١٤ | ٢١٥٦ | ١٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

وەزارەتی تەندروستی، بەڕیوبەرایەتی لەدایکبوون و مردن لە پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

*ڕێژەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ = ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ/ ژمارەی مردن بە شێوەیەکی گشتی × ١٠٠

## تەوەرەی دووەم: هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ

گواستنەوە وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە درێژای مێژوو گەشەیکردووە، پێداوستیەکانی مرۆڤی گواستۆتەوە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە لە ڕووی کات و شێوازی گەیشتن. بەڵام لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ڕوودانی چەندین کارەساتی ماڵی و گیانی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم کارەساتانە چەندین هۆکاری جۆراوجۆری لەپشتەوەیە کە ئێمە لێرەدا تەنها گرنگترینیان باسدەکەین.

**باسی یەکەم: تیژڕەوی:**

یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە مرۆڤەکان لێی بەرپرسن، بەجۆرێك لەکاتی ئێستادا توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەم بوارە کراوە، بۆ نموونە هەندێك لە توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی خێرای لێخوڕینی زیاد لە ڕێگە پێدراو بەرپرسە لە دوو ڕووداوی مردن لەهەر پێنج ڕووداوێکدا. هەروەها بەپێی توێژینەوەیەك کە لە وولایەتە یەکگرتووەکان کراوە دەڵێت (٣٠.١٪)هۆکاری ڕووداوەکان خێراییە هەروەها تا خێرای زیاتربێت ڕووداوەکانیش زیاتر دەبن وەك لە توێژینەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت خێرای زۆر بەرپرسە لە (٦٧.٥٪)ی سەرجەمی ڕووداوەکان(٧).بەجۆرێك دابەزاندنی خێرای بە ڕێژەی (١٪) دەبێتە هۆی دابەزاندن و کەمکردنەوەی ڕێژەی برینداری بەڕێژەی (٢–٣٪) کەمکردنەوەی گیانلەدەستدان بەڕێژەی (٤–٦٪)،(٨) هەر ئەمەش وایکردووە یاسایەکی تایبەت دابنرێت بۆ ئەم بوارە چونکە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەژێر چەند بنەمایەکی یاسایدایە کەیەکێك لەو یاسایەنە دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلەکانە وەك لە بەشی(١٥)ی ڕێنماییەکانی لێخوڕیندا هاتووە (هەموو بەکارهێنەرانی ڕێگا لەسەریانە پێویستە پابەند بن بە بنەماکانی ڕۆشتن و هاتووچۆ)وە، لە پارێزگای سلێمانیشدا سەرەتا کارمەندانی هاتووچۆ لێپرسینەوەیان لەم بوارە دەکرد بەڵام بەهۆی زۆربوونی دیاردەکە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ کارمەندەکان بۆیە بیر لە تەکنیکێکی نوێ کرایەوە ئەویش سوود وەرگرتن بوو لە کامێراکانی چاودێری. چونکە ئەزموونی وولاتان ئەوەیان سەلماندووە چاودێرکردنی خێرای ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوەکان بۆ نموونە لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووداوەکانی هاتووچۆ کەمیکرد لە (٤٣٠٠٠)ڕووداو لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ (٣٦٠٠٠)ڕووداو لە ساڵی (١٩٧٤)دا ئەمەش پاش ئەوەی خێرای لێخوڕین کەمکرایەوە و کرا بە یاسایەکی سەپێندراو، بەهەمان شێوە لە دانیمارك بەهۆی کەمکردنەوەی تیژڕەوی و گرانکردنی نرخی بەنزین ڕێژەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ سێ یەك کەمی کرد،(٩) کەواتە بەپێی ئەو نموونانەی سەرەوە بێت دەتوانرێت لە پارێزگای سلێمانیدا ژمارەو جۆری ڕووداوەکان و مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ کەمبکرێتەوە بە کەمکردنەوەی تیژڕەوی و چاودێرکردن و کۆنترۆڵکردنی بەشێوازێکی نوێی سەردەمیانە ئەویش بە سوود وەرگرتن لە کامێرای چاودێریکردنی تیژڕەوی.

سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی لە دوای دانانی کامێراکانی چاودێری تیژڕوییەوە توانراوە سەرژمێری تیژڕەوی بکرێت لە ناوچەکەدا، هەربۆیە بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (٤)دا دەبینین، ساڵی ٢٠١٢ بڕی(١٦٨,٤٠٠)سەرپێچی تۆمارکراوە، ئەم بڕە زیادیکردووە بۆ(١٩٦,٠٠٢)سەرپێچی لە ساڵی ٢٠١٣دا ئەگەر بەراوردی ئەو دوو ساڵە بکەین کە کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە لە پارێزگاکەدا دەبینین سەرپێچی ناو شاربە بڕی (٢٧٤٢٢)سەرپێچی زیادیکردووە، سەرپێچی دەرەوەی شار بەبڕی (١٨٠)سەرپێچی زیادیکردووە واتە هەردوو ناوچەکە بڕی (٢٧٦٠٢)سەرپێچییە واتە بە ڕێژەی(١٦,٤٪) تۆمارکراو زیادیکردووە. کەواتە دەتوانین بڵێن تیژڕەوی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا، وەك دەبینین پاش بەکارهێنانی کامێرای چاودرێش واتە پاش سزادانی سەرپێچی شۆفێران دەبینین ژمارەی تیژڕەوی زیادیکردووە لە ناوچەکەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئۆتۆمبێل و مۆڵەتی شۆفێری زیادیکردووە، بۆیە دەبێت ڕێژەی تیژڕەوی وەربگرین بەرامبەر بەم دوو هۆکارە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کامێراکانمان بۆ دەربکەوێت.

(٧)سمیر محمد غوییة، حوادث الطرق الحرب المفتوحة المشکلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨،ص ٩٧–١٠٣.

(٨)بەختیار محمد عبدوڵلا، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩، ل٢٤.

(٩)سمیر محمد غوییة، مصدر سابق، ص١٨٢– ١٨٣.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ئاماری کامێراکانی چاودێری بە پێی ناوشار و دەرەوەی شار لە نێوان ساڵانی(٢٠١٢–٢٠١٣)دا.**

| ساڵ | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | | | | | ٢٠١٣ | | | | |
| ناوشار | (٪) | دەرەوەی شار | (٪) | سەرجەم | ناوشار | (٪) | دەرەوەی شار | (٪) | سەرجەم |
| ٥٦٣١٢ | ٣٣ | ١١٢٠٨٨ | ٦٧ | ١٦٨٤٠٠ | ٨٣٧٣٤ | ٤٣ | ١١٢٢٦٨ | ٥٧ | ١٩٦٠٠٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

## باسی دووەم: ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل

بێگومان ئەوەی زانراوە پەیوەندییەکی توند و بەهێز هەیە لە نێوان ئۆتۆمبێل و ڕێگاوبان، واتە هەر دووکیان کاریگەرییان هەیە لەسەر یەکتری بە جۆرێك خزمەتگوزاری گواستنەوە بە توانستێکی گەورە و بەهێز دادەنرێت ئەمەش مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی گواستنەوەی هاوڵاتیان و کەل و پەل و کاڵاو شتومەك لە شوێنی وەبەرهێنانەوە بۆ شوێنی بەکار بردن و مەبەست.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین و دان بەوەدا بنێین کە کەرتی گواستنەوەو ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل ڕووبە ڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرفت و لەمپەر دەبێتەوە لە هەمان کاتیشدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەسەر گەشە کردندا، ئەو بەربەستەش یەکێکە لەو کێشەو گرفتانەی ڕوو بە ڕووی زۆربەی وڵاتە دواکەوتوو و تەنانەت پێشکەوتووەکانیش دەبێتەوە و ماوەیەکی زۆری خایاندووەو وەکو پێویست چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو کێشەو گرفتە بەرەو زیاد بوون دەچێت[١٠].

زۆرینەی سەرچاوەکان ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بە دووەم هۆکار دادەنێن بۆ ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، ناوچەی لێکۆڵینەوەش بێگومان بەدەر نییە لەم کێشانە، کە هەندێکیان حکومەت لێی بەرپرسن وهەندێکیشیان هاوڵاتیان، بەڵام بەهۆی نەبوونی داتا لەسەر کاریگەری ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا، بۆیە ناتوانین ئەم کاریگەریە بەژمارە و داتا ڕوونبکەینەوە بەڵکو تەنها دەتوانین هەندێك لەو کێشانەی ڕێگاکان باسبکەین کە کاردەکاتە سەر ڕووداوەکان. لەگرنگترین ئەو کێشانە:

١– شوێنی جوگراف ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل، سەرجەم ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی دەرەوەی شاری پارێزگای سلێمانی بەتایبەتیش ڕێگا سەرەکییەکان پێش ساڵی ١٩٩٠دروستکراون یان بەواتایەکی تر نەخشەسازی بۆکراوە لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێگایانە بە شێکیان بە دووسايد کراون و چاکسازی ئەندازیاری و سەلامەتی هاتووچۆیان بۆ کراوە بەڵام تاکوو ئێستا هیچ کام لەم ڕێگایانە ڕێڕەوی درێژبوونەوەیان گۆڕانکاری تیادا نەکراوە وەك دەبینین ئەم ڕێگایانە بەسەنتەری شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکەدا تێپەڕ دەبن ئەمە لەلایەکەوە گرفتە بۆ شۆفێران کە ڕۆژانە کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ دەچێت لەبەرئەوەی بە

(١٠)محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨، ل٧٠.

ناوچەیەکی چڕی دانیشتواندا تێپەڕ دەبن کە دەبێت خێراییان کەم بکەنەوە واتە دەبێت یاسای هاتووچۆی ناو شارەکان پەیڕەو بکەن کە خێرای ڕێگەپێدراو لە ناو شارەکاندا نزیکەی نیوەی خێرای ڕێگای دەرەوەی شارە، بە هۆی بەکارهێنانی زۆری ئەم ڕێگایانە لای هاوولاتیانی ئاسای ناوچەکە قەڵەباڵغییەکی زۆر دێتە ڕێیان، لەلایەکی ترەوە گرفتە بۆ دانیشتوانیی ئەم شار و شارۆچکانە چونکە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی تایبەتی و گشتی و بارهەڵگر بە شەقامی نیشتەجێبوونی دانیشتوان تێپەڕ دەبێت کە هیچ کام لەم ئۆتۆمبێلانە بۆ سەردانکردنی ئەو ناوچەیە نەهاتوون واتە هیچ قازانجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە ناوچەکە ناگەیێنن ئەمەش وا دەکات ئەو دانیشتوانە لە بارێکی ئارم و سەلامەتدا نەژین وەك هەر دانیشتوانێکی تری ئاسای ناو شارەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی هاتووچۆ شوێنی جوگراف ڕێگاکان لێی بەرپرسە لە دیارترین نموونەش ڕووداوی ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەی قەزای دووکان بوو لە بەرواری (١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٤)دا ڕووی دا ئەگەر بەووردی بڕوانیینە ئەم ڕوداوە وای دابنێین ئەم شوفێرە تیژڕەو بووە و پابەندی یاساکانی هاتووچۆ نەبووە بەڵام ئەگەر شوێنێکی تر دوور لە دانیشتوان هەبوایە ئەم شوفێرەی پیادا تێپەڕبوایەو هەمان ڕووداویش ڕووی بدایە ئەوا بەس بەتەنها ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و خۆی زەرەرمەند دەبوون بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ناو شارێکدا ڕوویدا بووە هۆی سووتانی چەند ئۆتۆمبێلکی تر و جگە لە گیانلەدەستدانی هاوڵاتییەکش ئەمە جگە لەوەی ئەم ناوچەیەکی گەشتوگوزاریشە ڕژاندنی ئەم نەوتە بووە هۆی پیسبوونی ناوچەکە و ئاوی ڕووبارەکە، وێنەی ژمارە (٢). کەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین هەڵبژاردنی شوێنی جوگراف زۆر گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ پێووستە لەسەر بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبان کە هەموو ئەو ڕێگا سەرەکییەکان کە بەناو شار و شارۆچکەکاندا تێپەڕ دەبن ڕێڕەوەکانیان بگۆڕێت و لەدەرەوەی سنووری شارەوانییەکان ڕێگای نوێیان بۆ دروستبکرێت وە کاتێکش ڕێگایەکی سەرەکی دروستدەکرێت ڕێنەدرێت دانیشتوان نزیك بەو ڕێگایانە نیشتەجێبن.

وێنەی ژمارە (٢)

دیمەنێك لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی هاتووچۆ لە شاری دووکان



سەرچاوە: فەرهاد محمد، وەرگەڕانی تەنکەرێك ڕووداوێکی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە،
http://www.awene.com/article/2014/01/15/29016

٢-تەسکی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبیل:

ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل لە پارێزگای سلێمانیدا تەسکن و پانییەکەیان (٧.٥)م، زۆربەیان یەك سایدن تەنها چەند بەشێکی ڕێگا سەرەکییەکان نەبێت دووسایدن، ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەین بە وولاتانی جیهان، جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت، لەبەر ئەوەی ئەو وولاتانە زۆربەی ڕێگاکانی دەرەوەی شاریان ڕێگای خێران، پانییەکەیان (١٠٠)م لە کاتێکدا لە پارێزگادا ڕێگای خێرا نابینرێت هەروەها ڕێگا سەرەکیەکانیشیان بە پێێی ستانداری عێراقی نییە، کە دەبێت پانیی ئەم ڕێگایانە (١٣,٥-٤٠)م بێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ سروشتی تۆپۆگرافیای ناوچەکە و بارودۆخی سیاسی دەگەڕێتەوە[11]، وەك پێویست گرنگی نەدراوە بە دروستکردن و گەشەکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەکەدا، وەك لە ڕێگای بیارە-تەوێڵە-مەرزی تەوێڵە، کە ڕێگاکە لە زۆر شوێنیدا (٧)م-ە و بەناو ناوجەرگەی شاری بیارەدا ڕۆشتووە ئەمەش دەبێتە کێشە چونکە ڕۆژانە بە سەدەها ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەم ڕێگایەدا تێپەڕ دەبن و دەچنە وولاتی ئێران، وەك لە وێنەی ژمارە (٣)دا دیارە.

٣-ڕەچاونەکردنی ڕەگەزەکانی ئاووهەوای پارێزگاکە لەکاتی دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلدا بەتایبەتیش باران و پلەی گەرمی، سەبارەت بە باران دەبێت ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل شانی هەبێت بۆ ئەوەی دابارینەکە لەسەر ڕێگاکان نەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی ئەندازیاری دروستبکرێت واتە ناوەڕاستی ڕێگاکە بەرزتربێت لە قەراغی ڕێگاکەو ئەم قەراغەش چاڵ بکرێت تاوەکوو ئاوەڕۆی ڕێگاکە و ناوچەی تەنیشت ڕێگاکانی بچێتەوە سەر، بەشێکی کەم لە ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگاکە شانی هەیە یەکێك لەو ڕێگایەنە لە بەشێکی کەمی ڕێگای دەربەندیخان دەبینرێت، وەك لە وێنەی ژمارە (٤)دا دەبینرێت، بەڵام لە زۆرینەی ڕێگاکانی پارێزگاکەدا بە پێچەوانەوە نەك شانی ڕێگا دروست ناکرێت بەڵکو زۆرینەی ڕێگاکان ئاوی قەدباڵەکانیشی دێتەوە سەر وەك لە وێنەی ژمارە (٥)دا دەبینرێت. هەرچی ڕێگاکانی ناوشاریشە ئاوەڕۆکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ دروست ناکرێت بۆیە لەکاتی دابارینددا زۆر لە ئاوی دابارینەکە لەسەر شەقامەکان کۆدەبنەوە.

(١١)شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

وێنەی ژمارە (٣)

ڕێگای بیارە–تەوێڵە–مەرزی تەوێڵە




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای بیارە–تەوێڵە.

وێنەی ژمارە (٤)

ڕێگای دەربەندیخان




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای دەربەندیخان.

وێنەی ژمارە (٥)

ڕێگای پێنجوین




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای بیارە–تەوێڵە.

سەبارەت بە پلەی گەرمی پارێزگاکە دەبینین ناوەندی پلەی گەرمی لە زۆرینەی ناوچەکانی پارێززگاکەدا زیاترە لە (٤٠)پلەی سەدی[١٢]، بۆیە دەبێت لە کاتی دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل ڕەچاوی ئەم جیاوازیە بکرێت ئەو قیرەی بەکاردەهێنرێت بەرگەی ئەم پلە گەرمیە بگرێت بەڵام لە پارێزگاکەدا ئەم خاڵە پشتگوێ خراوە بۆیە دەبینین زۆرینەی ڕێگاکان لە تەمەنێکی کەمدا تێکدەچن، سەیری وێنەی ژمارە (٦)بکە.

وێنەی ژمارە (٦)

ڕێگای کۆیە–کلکەسماق



سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای کۆیە–کلکە سماق.

(١٢)شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ١٢٧.

٤- ڕەچاونەکردنی سرووشتی تۆبۆگرافیا و جیۆلۆجیای ناوچەکە لە کاتی درووستکردنی ڕێگاکاندا، وەك دەبینین بەشێکی زۆری ڕێگاکانی لە لاپاڵی چیاکاندا درێژبۆتەوە یان لە تەنیشتی ڕێگاکاندا دۆڵ و نزمای تیادا بەدیدەکرێت، بەڵام زۆر گرنگی بەم دیاردەیە نەدراوە لە بەشێکی زۆر کەمیدا دیواربەندی کۆنکرێتی یان ئاسنی بۆ کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووداوی هاتووچۆی گەورە و ساڵانە زەرەرێکی زۆر گەورەی مادی و گیانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێوستە لە سەر دامودەزگا حکومییەکان، کە گرنگی بدەن بەم دیاردەیە بەتایبەت لەو ناوچانەوە دەستپێبکەن، کە دۆڵی تەنیشتەکانیان زۆر قوڵن وەك ڕێگای کلکەسماق کە شاخی تەنیشت ڕێگاکە درزی بردووە ئەگەری ئەوەی هەیە دابڕمێ وەك لە وێنەی ژمارە (٧)دا دەبیبینرێ.

وێنەی ژمارە(٧)

ڕێگای دوکان-کلکەسماق-کۆیە



سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای دوکان-کۆیە.

٥- تابلۆی هاتووچۆ

بوونی ئەم تابلۆیانە زۆر بەکەمی دەبینرێت تەنانەت لەسەر ڕێگا سەرەکیەکانیش بە شێوەیەکی یاسای گونجاو لە هەموو ناوچەکانی سەر ڕێگاکە دانەنراون یان ئەوانەشی دانراون لەلایەن هەندێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و گەشتیارانەوە دەشکێندرێن یان دەشێوێندرێن، بەتایبەت لە لۆفەکانی شاخەکاندا زۆرینەی هێماکان تێکچوون وەك لە وێنەی ژمارە (٨)دیارە، بۆیە هێماکانی هاتووچۆ یەکێکە لە پێویستیە سەرەکییەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل بە تایبەت لە ناوچەی شاخاوی و دۆڵەکان، کە شۆفێرەکان بە باشی پێشڕەوی خۆیان نابین هەروەها بۆ کاتە سەختەکانی ئاووهەوا وەك خۆڵبارین و تەم و باران و بەفر یان لە کاتی چاککردنی ڕێگاوبان دا،[١٣]

(١٣) شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)،سەرچاوەی پێشوو،ل١٥.

وێنەی ژمارە (٨)

ڕێگای سیدسادق– هەڵەبجە




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای سیدسادق–هەڵەبجە.

### باسی سێیەم: زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل:

ئۆتۆمبێل: (هەر هۆکارێك چەرخدار بێت بەبزوێنەرێکی میکانیکی کاربکات یاخود بەهێزی جەستەی یاخود ڕادەکێشرێت بە ئامرازێك جگە لەوانەی لەسەر هێڵی شەمەندەفەر دەڕوات)(١٤).

زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا پابەند نییە بە یاسایەکی دیاری کراوە، ئەمەش گەورەترین کێشەی دروستکردووە بۆ سەلامەتی هاتووچۆ، بۆ نموونە ئەگەر نێوان سالآنی (٢٠٠٤–٢٠١٣)وەربگرین دەبینین زیادبوونی سالآنەی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل (٢٦١٤٢.٥)ئۆتۆمبێلە لە ساڵێکدا، بەشێوەیەك ئەم دە ساڵە ڕێژەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل زیادیکردووە بە ڕێژەی (٦٩٪)ی ئۆتۆمبێلی پارێزگاکە لەم دەساڵەدا بووە،* بەڵام ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردا دێت،لە سالآنی سەرەتای توێژینەوەکە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکەدا بە ڕێژەیەکی کەمە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەی ئۆتۆمبێل زۆر دەبێت بە ڕێژەی چوار ئەوەندەی سالآنی پێشوو، بەڵام لەم چوار ساڵەی کۆتایدا ڕێژەکەی زۆر بەرزبووەتەوە بەراورد بەسالآنی پێشوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووری خەڵکی بە شێوەیەکی زۆر باش لە هەڵکشاندا بوو، پارێزگای سلێمانیش یەکێکە لە پارێزگا دەوڵەمەندەکانی عێراق، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی زۆرترین لە دانیشتوان ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمەو جگە لەوەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری پارێزگاکە بە گشتی لەچاوپارێزگاکانی عێراق دا کە ڕەگەزی مێیینە ژمارەیەکی بەرچاو لە شۆفێرانی پارێزگاکە پێکدەهێنن بەجۆرێك لەم

(١٤)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل٤.

*– ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ٣١–١٢–٢٠١٣دا (٣٧٧٧٢٦)ئۆتۆمبێلە.

ده ساڵەدا (٥٢٩١٦)ژن مۆڵەتی شۆفێری وەرگرتووە، ئەمە و جگە لە کۆنی و نەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و هۆکارەکانی ئاسوودەیی و سەلامەتی لە ئۆتۆمۆبێلە گشتییەکاندا، کەمی و نەبوونی لە کاتی قەرەباڵغی و کاتی دەوام و دووری لە شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکان وە نرخەکەی بۆ زۆر لە دانیشتوان گونجاو نییە وەك لە خشتەی ژمارە (٥)دا دەبینرێ.دەتوانین ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١–لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١١) زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل (٢١١٨٣.٧)ئۆتۆمبێلە لە ساڵێکدا.

٢–لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل کەمی کردووە چەنکە لەم ساڵانەدا یاسای مراندنی ئۆتۆمبێل (واتە لە ناوبردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆن) پەیڕەو دەکرا. لە پاش نەمانی ئەم یاسایە ژمارەی ئۆتۆمبێل ساڵ بە ساڵ ڕوو لە زیادبوونە.

خشتەی ژمارە (٥)

زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی هەمەجۆر لە پارێزگای سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١٣)دا

| جۆر / ساڵ | تایبەت | کرێ | بارهەڵگر | میری | کشتوکاڵی | جۆری تر | سەرجەم | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١١٦٣٥ | ٢٧٣٩ | ١٥٠٦ | ١٨٠٦ | ٣٣ | – | ١٧٧١٩ | ٦.٧ |
| ٢٠٠٥ | ٣٦٧٤ | ١٤٩٣ | ٢٠٣٢ | ٧٣٢ | ٦١ | ١ | ٧٩٩٣ | ٣.١ |
| ٢٠٠٦ | –٩١* | ٤٧٣ | ١٢٩١ | ٩٠٧ | ١٣٨ | ٢٤ | ٢٧٤٢ | ١ |
| ٢٠٠٧ | ٨٠ | ٢٢٦ | ٩٥٠ | ٩٢٦ | ١٨٨ | ٧٣ | ٢٤٤٣ | ٠.٩ |
| ٢٠٠٨ | ٣١٣٣ | ١٥٩ | ٦١٤٨ | ١٠٤٥ | ٨٧ | ٤٨ | ١٠٦٢٠ | ٤.١ |
| ٢٠٠٩ | ١٧٣٠٤ | ٢٥٨٨ | ١٢٣٢٧ | ١٠٧٩ | ٤١٨ | ٦٢١ | ٣٤٣٣٧ | ١٣.١ |
| ٢٠١٠ | ٢٦٣٩٩ | ٤٠٠٢ | ١٧٣١٥ | - | ٢٧٣ | ٦٣٨ | ٤٨٦٢٧ | ١٨.٦ |
| ٢٠١١ | ٢٦٤٦٣ | ٣٢٢١ | ١٣٧١٩ | - | ٦٨٦ | ٩٠٠ | ٤٤٩٨٩ | ١٧.٢ |
| ٢٠١٢ | ٢٥٠٧٤ | ٣٥٨٥ | ١٣٣٥٥ | - | ٤٠١٢ | ١٠٨٤ | ٤٧١١٠ | ١٨.١ |
| ٢٠١٣ | ٢٠١٩١ | ٤٥٨٨ | ١٤٤٩٠ | - | ٤١٤٠ | ١٤٣٦ | ٤٤٨٤٥ | ١٧.٢ |
| کۆی گشتی | | | | | | | ٢٦١٤٢٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر یە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

*ساڵانە بڕێك لە ئۆتۆمۆبێل لەناو دەبرێت، بۆیە لەو ساڵەدا ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی لە ناوبردن زیاتربووە لە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی هاتوو بەبڕی ٩١ئۆتۆمۆبێل.

### باسی چوارەم: مۆڵەتی شۆفێری

بریتییە لە(بەڵگەنامەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە کە ئەفسەری مۆڵەت پێدان دەری دەکات)[١٥] ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری ساڵانە زیاد دەکات ئەمەش ئەوە دەگەێنێت بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە کەواتە پێوستە خزمەتگوزارییەکانی کە پێشکەش دەکرێت بەشۆفێران و هۆکارەکانی گواستنەوە لەلایەن بەرپرسان وپلاندارەنی وولاتەوە ئەم برە بەهەند وەربگرن پرۆژەکانیان بەجۆرێك بێت ئەم زیادبوونەی تیادا لەبەرچاوگیرابێت. بەتێبینی کردنی خشتەی ژمارە (٦) دەبینین:

١-لە کاتێکدا تێکڕای زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگای سلێمانی وەربگرین لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا دەکاتە (٣٩٦٥٧.٥)مۆڵەت لە ساڵێکدا.

٢-ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگای سلێمانیدا لە ساڵی ٢٠٠٤وە زیادیکردووە تا ساڵی ٢٠١٠ ئەمەش بەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئابووری پارێزگای سلێمانی، بەشێکی زۆری هاوولاتیان بوونەتە خاوەن ئۆتۆمبێلی خۆیان. بەلام لە دوای ساڵی ٢٠١٠وە ئەم ڕێژەیە ساڵ بەساڵ کەمی کردووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕێکاری زانستی نوێ بەکاردەهێنرێت لەکاتی مۆڵەت دانە هاوولاتیان بەمەستی ئەوەی شۆفێران شارەزاترین کاتێك دەچنە سەر شەقامەکان.

٣- لەکاتی بەراوردکردنی ڕێژەی مۆڵەتی شۆفێری بە ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، دەبینین شێوەیەکی ئەندازەی نییە لەنێوان زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری و ڕووداودا. بەنموونە زۆرترین ڕووداو لە ساڵی ٢٠١١دا ڕووی داوە بەلام لەم ساڵەدا زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کەمیکردووە، کەمترین ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە ساڵی ٢٠٠٥دایە لە کاتێکدا لەڕووی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە پلەی دووەم دێت.

کەواتە ئەمە دەمانگەێنێتە ئەوەی زیادبوونی ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ. یان دەکرێت ئەو مۆڵەتانەی درابن بەشێکی بەپێی پێووست نەبووبێ لە ڕووی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە.

(١٥)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، ، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥.

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارەی مـــۆڵــەتی شــۆفــێری و ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانی لــــە نێوان ساڵانـی (٢٠٠٤—٢٠١٣)

| ســـــاڵ | ژمارەی مـــۆڵــەتی شــۆفـێری | ڕێژەکەی | ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٤٩٥٢ | ٣.٨ | ٢٩١ | ٣ |
| ٢٠٠٥ | ١٣٩٧٥ | ٣.٦ | ١٣٨٠ | ١٤.٣ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٢١٠ | ٥.٧ | ٦٦٩ | ٦.٩ |
| ٢٠٠٧ | ٣١٥٠٤ | ٧.٩ | ٦٥٠ | ٦.٨ |
| ٢٠٠٨ | ٤١٧٤٥ | ١٠.٥ | ٧٩٩ | ٨.٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥٩٤٣٧ | ١٥ | ٦٩٠ | ٧.١ |
| ٢٠١٠ | ٦٠٨٩٨ | ١٥.٤ | ٨٥٤ | ٨.٨ |
| ٢٠١١ | ٥٤٦٥١ | ١٣.٥ | ٢٢١٠ | ٢٢.٩ |
| ٢٠١٢ | ٥٤٣٣٨ | ١٣.٦ | ١٢٢٣ | ١٢.٧ |
| ٢٠١٣ | ٤٣٤٨٨ | ١١ | ٨٨٧ | ٩.٢ |
| سەرجەم | ٣٩٦٥٧٥ | ١٠٠ | ٩٦٥٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر یە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

خشتەی ژمارە (١)

## تەوەرەی سێیەم: کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا

کامێراکانی چاودێری دەستکەوتێکی ناوازەن بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی خێرای و ناچارکردنی شۆفێران بەوەی پابەندی خێرای دیاریکراوی ڕێگەکان بن. لێرەدا پێووستە بڵێن هەموو ئەو تەکنیکانەی بۆ کەمکردنەوەی تێکڕای ڕووداوەکان و زۆربوونی سەلامەتی هێنراونەتە ئاراوە، ئەمەش بەپێی پلانێك تاوتوێکراوە، نەك بۆ پەیداکردنی پارە، چونکە بەدیکراوە زۆر بەڕێوبەرایەتی سەرقاڵی زۆرکردنی داهاتەکانیان لەڕێگەی ئەو سەرپێچیانەوە، ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت لای شۆفێران[١٦]. ئێمەش لێرەدا بە باشی دەزانیین دوای ئەوەی دوو ساڵە ئەم کامێرایانە لە پارێزگاکەدا کارییێدەکرێت چ کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕووداو قوربانیانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا:

(١٦)هاشم محمد نور مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠.

**باسی یەکەم: بەراوردکاری ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠١١دا.**

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین لەو هەشت ساڵەی ماوەی توێژینەوەکە، پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداو و بریندار و مردن) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا، بە پشت بەستن بە خشتەکانی (١)، (٢)، (٥)، (٦)، دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (٣٩.٦:١) بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٣٩.٦)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

٢-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١: ٢٢.٥) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٢٢.٥)ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

ب: بریندارەکان

١-بریندارەکان ڕێژەی (١٢.٩:١)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (١٢.٩)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

٢-بریندارەکان ڕێژەی (١: ٧.٣) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٧.٣) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

ج: مردن

١-مردن ڕێژەی (٧٦:١) بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٧٦)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادیکردووە.

٢-مردن ڕێژەی (١: ١٣٤.١) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (١٣٤.١) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادیکردووە.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١-زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ڕووداو بریندار لە ناوچەکەدا.

٢-زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ڕووی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا.

٣- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی بریندار بەجۆرێك لەهەر (٧.٣)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا بریندارێك زیادیکردووە.

٤- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کەمترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەجۆرێك لەهەر (١٣٤.١)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا یەك ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیکردووە.

هەولێرنامەی کتێب

## باسی دووەم: بەراوردکاری ڕووداو و بریندار و قوربانیان هاتووچۆ بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین ئەو دوو ساڵەی کە وەرمانگرتووە پاش پیادەکردنی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداوەکان و برینداران و قوربانیان) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا، بە پشت بەستن بە خشتەکانی (١)، (٢)، (٥)، (٦)، دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١- ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (٤٨.٥:١)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٤٦.٥)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

٢-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١: ٤٣.٦) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٤٣.٦)ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

ب: بریندارەکان

١-بریندارەکان ڕێژەی (١٥.٥:١)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (١٥.٥)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

٢-بریندارەکان ڕێژەی (١: ١٤.٦) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (١٤.٦) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

ج: مردن

١-مردن ڕێژەی (٢١٨.٨:١)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٢١٨.٨)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادکردووە.

٢-مردن ڕێژەی (١: ٢٠٥.٧) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٢٠٥.٧) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادکردووە.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١-جیاوازییەکی زۆر نابینرێت لە نێوان کاریگەری مۆڵەتی شۆفێری و ژمارەی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە.

٢-زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە سەر هەر سێ دیاردەکە.

٣- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی بریندار بەجۆرێك لەهەر (١٤.٦)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا بریندارێك زیادیکردووە.

٤- زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کەمترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەجۆرێك لەهەر (٢١٨.٨) مۆڵەتی شۆفێری کە زیادبووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا یەك ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیکردووە.

## باسی سێیەم: بەراوردکردنی زیانەکانی هاتووچۆ لە هەردوو قۆناغەکەدا:

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا کە وەرمانگرتووە پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری و پاش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداو و بریندار و قوربانیان) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١-بەراوردی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٦.٩:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (٦.٩)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٢١.١:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (٢١.١)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

ب: بریندارەکان

١-بەراوردی بریندارەکان بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٢.٦:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (٢.٦)بریندار کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی بریندارەکان بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١: ٧.٣)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (٧.٣)بریندار کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

ج: مردن

١-بەراوردی مردنیان بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١٤٢.٨:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (١٤٢.٨)مردن کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی مردن بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١: ٧١.٦)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە سالانە (٧١.٦)مردن کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١- ڕووداو برینداربوون و مردن لە قۆناغی دووەمدا کەمی کردووە واتە لەکاتی دانانی کامێراکانی چاودێریدا.

٢= زۆرترین کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی مردنە.

٤= کەمترین کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی بریندارە.

## دەرئە نجامەکان:

١-پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگا سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ئەم هەڵکەوتەیەشی وایکردووە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل بەتایبەت ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بێنە ناوچەکە بۆ مەبەستی بازرگانی لەگەڵ وولاتی ئێران ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

٢-ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەر دە ساڵی توێژینەوەکەدا ڕوویانداوە بەشێوەیەکی ئەندازەیی زیاد یان کەمیان نەکردووە. ڕاستە لە ساڵی ٢٠١٢و ٢٠١٣دا ڕووداوەکان کەمی کردووە لەکاتی بوونی کامێرای چاودێریدا بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا ژمارەی ڕووداوەکان کەمیان کردووە پاشتر لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١دا زیادیان کردۆتەوە واتە ئەگەری هەیە لە ساڵەکانی تردا ئەم ژمارەیە زیادبکاتەوە.

٣-بریندار‌بوون و مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەهەمان شێوەی ڕووداوەکان ڕاستە لە ساڵی ٢٠١٢و ٢٠١٣دا کەمی کردووە لەکاتی بوونی کامێرای چاودێریدا بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا ژمارەیان کەمی کردووە پاشتر لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١دا زیادیان کردۆتەوە واتە ئەگەری هەیە لە ساڵەکانی تردا ئەم ژمارەیە زیادبکاتەوە.

٤-دوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کە کامێرای چاودێری هەبوە دەبینین ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی (١.٠٧٪)ڕێژەی مردن بەڕووداوەکانی هاتووچۆ بەراوورد بە ڕێژەی مردنی گشتی لە پارێزگاکەدا زیادیکردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢.

٥-تیژڕەوی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەوەتا پاش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری ژمارەی تیژڕەووی لەنێوان دوو ساڵی بەکارهێنانی کامێرادا زیادیکردووە.

٦-ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بە دووەم هۆکار دادەنرێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تاکوو ئێستا لە پارێزگاکەدا گرنگی پێنەدراوە و هیچ داتایەك نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی.

٧-لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١)دا زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ڕووداو بریندار لە ناوچەکەدا بە پێچەوانەوە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ڕووی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا.

٨-لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣)دا جیاوازییەکی زۆر نابینرێت لە نێوان کاریگەری مۆڵەتی شۆفێری و ژمارەی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە هەروەها زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە سەر هەر سێ دیاردەکە.

٩- ڕووداو بریندار‌بوون و مردن لە قۆناغی دووەمدا کەمی کردووە واتە لەکاتی دانانی کامێراکانی چاودێریدا.

## پێشنیارەکان:

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین کامێراکانی چاودێری هۆکارێکی نوێیە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیشدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، دەکرێت زیاتریش ڕۆڵببینێت بەوەی ڕێوشوێنەکانی گۆڕانکاری تێدا بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بە دوولایەن سوودمەندبن بەجۆرێك لەلایەکەوە کارەساتەکان کەمبکرێتەوە و لەلایەکی ترەوە شۆفێران کەمترین سەرپێچیان بۆ تۆماربکرێت لە گرنگترین گۆڕانکاری کە لەم بوارەدا بکرێت:

١-دانانی باج بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە پارێزگاکانی ترەوە دێن و بە پارێزگاکەدا تێپەڕ دەبن بەمەبەستی بازرگانی بۆ وڵاتی ئێران واتە هیچ سوودێك ناگەێنن بە ناوچەکە بۆ ئەوەی بەو باجە خزمەتی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی پێبکرێت.

٢-توێژینەوەی وورد بکرێت لەسەر ڕووداوەکان و قوربانیانی هاتووچۆ هۆکارەکانیان بە ڕوونی دیاریبکرێت، ئەمە چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بێت.

٣-پاش ئەوەی زانرا تیژرەوی هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانە بۆیە پێووستە خەڵك هۆشیار بکرێتەوە بەرامبەر ئەم پرسە لەلایەن زانکۆ و کەناڵەکانی ڕاگەیاند و پیاوانی ئاینییەوە.

٤-گرنگی بدرێت بە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و گرفتەکانی چارەسەر بکرێت بەتایبەت لە لایەن حکومەتەوە بەی ئەرکی سەرەکی دابنێت.

٥-دانانی هێماکانی هاتووچۆ بەشێوەیەکی ئەندازیاری ڕێکوپێك ئەمە لەلایەکەوە دەبێتە کار ئاسانی بۆ کاروباری ئەفسەرانی هاتووچۆ و لەلایەکی تریشەوە هۆشیاری بدرێتە شۆفێران بەوەی پێوستە پابەندی ئەم هێمایانە بن و بەجۆرێك دەرچوون لەم هێمایانە دەبێتە هۆی شکاندنی یاسا.

٦-بەرفراوانکردنی دانانی کامێرای چاودێری جێگیر بەزووترین کات لە ناو شارەکاندا و بەتایبەت لە ناوشاری سلێمانی بە شێوازێکی چڕ کامێراکان دابنرێت کە شۆفێران چیتر نەتوانن زیاد لە خێرای دیاریکراو ئۆتۆمبێل لێبخوڕن.

٧-کاراکردنی ئەم کامێرایەنە بەوەی کە سەرپێچییەکان ڕاستەوخۆ بگەن بەسەرپێچیکاران.

٨-زیادکردنی بڕی پارەی سەرپێچی، لە کاتی دووبارەکردنەوەدا دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا بگیرێت وە ئەگەر خێراییەکە زۆر لەسنوور دەرچووبێت ئەوا مۆڵەتی شۆفێری لەو سەرپێچی کارە بسەنرێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی سزادان تەنها بەپارە نەبێت چونکە هەندێك لە شۆفێران بڕی پارەکە هەرچەندێك بێت بەئاسانی بۆیان دەستەبەردەکرێت و هەروەها هەندێك لە هاوڵاتیانیش پێیان وایە وەرگرتنی پارە تەنها بۆ مەبەستی مادیی و دەستکەوتە بۆ حکومەت نەك بۆ سەلامەتی هاتووچۆ.

٩-ئەو پارەیەی کە دەست دەکەوێت لەم کامێرایان بەشێوەیەکی زۆر دروست بۆ هاوڵاتیانی ڕوونبکرێتە کە لە چ بوارێکدا بەکاردەهێنرێت، دەرئەنجامی ئەو بوارانە چین کە بۆی بەکاردەهێنرێت.

١٠-لەبەرئەوەی بواری هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا گرفتێکی گەورەی هەیە بۆ پێوستە ئەو داهاتە لە سەرەتادا تەنها بۆ ئەم بوارە بەکاربهێنرێت لەپاشاندا لەرێگەی پەیوەندیکردن بە بەرێوبەرایەتی ڕێگاوبان و شارەوەنیەکان هاوکاری پرۆژەکانی ڕێگاوبانبکرێت بەم پارەیە.

هەواڵنامەی کتێب

١١–کاتێك ئەم سەرپێچیانە تۆمار دەکرێت پێوستە لەسەر کارمەندانی هاتووچۆ توێژینەوە بکەن لەسەر هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی لە ناوچە جیاوازەکاندا چونکەئەگەر کارمەندانی هاتووچۆ کارنەکەن بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی ئەم سەرپێچیانە و ئەو هەلآنای شۆفێران دووبارەی دەکەنەوە ئەوا ناتوانرێتکێشەکانی گواستنەوە چارەسەربکرێت.

## سەرچاوەکان:


یەکەم:عەرەبیەکان:أ–کتێب:

١–سمیر محمد غوییە، حوادپ الگرق الحرب المفتوحه المشکلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨.

دووەم: کوردیەکان:أ–کتێب

٢–بەختیار محمد عبدوللا، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩.

٣–سالار تحسین دری، ژینگەی ترافیك، چ ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤– هاشم محمد نور مەدەنی، ڕووداوەکانی هاتووچۆ، و: هەڵکەوت عبداللە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥– سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخاانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢.

ب–نامەی ماستەر

٦–شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٧–شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.

٨– محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨ .

ج– فەرمانگە حکومییەکان

٩–بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە.

١٠–بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە تۆمارکراون لە هاتووچۆی سلێمانی.

١١–وەزارەتی تەندروستی، بەڕیوبەرایەتی لەدایکبوون و مردن لە پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە.

سێیەم: سایتی ئەلیکترۆنی

١٢–http://ar.wikipedia.org/wiki

١٣–مەریوان محمد أمین، کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرای،

http://www.sul-traffic.com/Description.aspx،٢٠١٣

١٤–: فەرهاد محمد، وەرگەڕانی تەنکەرێك ڕووداوێکی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە،

http://www.awene.com/article/2014/01/15/29016

## پاشكۆ ژمارە (١)

ژمارەی گیانلەدەستان بە ڕووداوەكانی هاتووچۆ بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتییەكان لە پارێزگای سلێمانیدا

| ساڵ | ژمارەی گیانلەدەستان بە ڕووداوەكانی هاتووچۆ | |
|---|---|---|
| | پەیمانگای پریشكی دادوەری | پەیمانگای پریشكی دادوەری |
| ٢٠١٠ | ٢٥٩ | 258 |
| ٢٠١١ | ٢٨٤ | 278 |
| ٢٠١٢ | ٢٦٦ | 227 |
| ٢٠١٣ | ٢٨٤ | 220 |
| سەرجەم | ١٠٩٣ | ٩٨٣ |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

أ–حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەیمانگای پزیشكی دادوەری/هەرێم،

ب_بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی تۆماركراون لە هاتووچۆی سلێمانی، بەبێ ژمارەی پەڕە.

**الخلاصة**

تعد السيارة من أهم و أكثر وسائل النقل الداخلي في محافظة السليمانية، و لحد الأن كعامل وحيد لنقل داخل المحافظةالأ أنه هناك وقوع العديد من حوادث السير قد سجلتها دوائر المرور فيها ما تسبب في قتل و جرح العديد من المواطنين يوميا.

ان حوادث الطرق أمرا طبيعيا في كل أنحاء العالم، فهناك أحصائيات تشير الى مقتل مالا يقل عن (مليون و مائتا الف شخص) وجرح أكثر من (أربعين مليون) أخرين سنويا بسبب هذه الحوادث.

أن المسؤولين و المختصين في المجال الطرق وحتى الموطنين يشيرون الى ان هناك عدة أسباب لحوادث الطرق في المحافظة و أن بين أهم الأسباب وفي مقدمها هو القيادة السريعة و حتى البحوث العلمية أشارت الى أن الأنسان هو أهم سبب من أسباب نسبته (٩٤٪) من المسؤلية عن حوادث الطرق في العالم.

رغم قلة أو عدم وجود البحوث من قبل أدارة محافظة السليمانية الخاصة بحوادث الطرق الا ان هناك محاولات لتقليل عدد الحوادث و ذلك من خلال التوسع بأستخدام كاميرات المراقبة لمراقبة معدلات السرعة في القيادة، لأن كاميرات تسهم في تحديد سرعة السيارات و بالتالي تنظيم حركة المرور وأجبار السواق بالألتزام بقوانين المرور و اسرعة المسموح بها. أن هذا البحث مهم في تحديد السرعة السيارات و دوره في تقليل حوادث الطرق و التي حتما تتزايد عدد السيارات و السواق و السكان في المحافظة.

## Abstract

In spite of all importance of this province the only internal transportation device is car that causes death and injury to citizens.

It is true that driving accidents are not just in the Slemani province and now the whole world is taken. Statistics show Traffic accidents account for *1200000* deaths and more than 40 million injuries each year worldwide.

Experts say a higher speed increases the likelihood of an accident. The majority of road crashes are caused by human error. Researches have shown that directly driver error accounts for over 66% of all crashes and indirect errors account for 18%.

The Slemani province some work has been conducted in order to reduce accidents, which one of them is installing surveillance cameras. Speed cameras are one of powerful reasons to drive slower. We eager to know despite of increasing vehicle numbers to what extent these cameras have reduce accidents.